


# «پۆلیساریۆ» داوای ریفراندۆم دەکات

## کۆماری عەرەبی بیابانی دیموکراتی مەغریب کەی دادەمەزرێت؟

ئا: سەلاح نەقشبەندی

IDEA DEPLOMATIC

ز ناوی بەرەی میللی بۆ رزگارکردنی جۆگەلەی سورو دۆڵی ئاڵتون، وشەی پۆلیساریۆ کورتکراوەی ئیسپانیە پێکهاتوە لە پیتە سەرەتاییەکانی:( Frente popular de Liberacion de saguia el Hamra y Rio de Oro)

جۆگەلەی سور یەکێک لە زەویەکانی هەرێمی بیابانی رۆژئاوایە و نزیکەی یەک لەسەر سێی رووبەرەکەیەتی، ناوەکەی لەو رێرەوە ئاویەوە هاتوە کە لە پایتەختەکەیەوە تێدەپەڕێت ( العیون).

دۆڵی ئاڵتون هەرێمێکی بەربڵاوە دوو لەسەر سێی بیابانی رۆژئاوا دەگرێتەوە و دەکەوێتە باشوری هەرێمی جۆگەلەی سور، پایتەختەکەی شاری ( داخلە)یە، کە وەک خاڵێکی گرنگ مایەوە لەبازرگانی کۆیلە لە نێوان ئەفریقاو ئەوروپاو ئەمریکا بە ناوی (فیلاسیسنیروس) هەتا دەرچوونی ئیستعماری ئیسپانی لە بیابانی رۆژئاوا لە مانگی(1976/2ز).

بیابانی رۆژئاوا ناوچەیەکە دەکەوێتە باکوری رۆژئاوای ئەفریقا، سنوری لە رۆژهەڵاتەوە جەزائیر و لە باشورەوە مۆریتانیاو لەباکورەوە مەغریب. گەورەترین شاری ( العیون)ی پایتەختە و زۆربەی دانیشتوانی لەو شارەدایە .

بەپێی نەتەوە یەکگرتوەکان زەویەکی ململانێ لەسەر لەنێوان مەغریبو بەرەی پۆلیساریۆ، (80%)ی لە ژێر دەسەلاتی مەغریبیدایە، بەرێوەی دەبات وەک هەرێمەکانی باشور، لەکاتێکدا (20%)ی ناوچەی جیاکەرەوەی نێوان مەغریبو مۆریتانیایە.

پۆلیساریۆ .. بزوتنەوەیەکی جوداخوازیە سەربە کۆمەڵێک لەو تیرانەیە کە داوای سەربەخۆیی دەکەن لە مەغریبو دامەزراندنی دەوڵەتێکی تایبەت بە خۆیانو هەوڵی جیابوونەوەی بیابانی رۆژئاوا دەدات لە مەغریب ودامەزراندنی ( کۆماری عەرەبی بیابانی دیموکراتی ) و لەهەفتاکانی سەدەی رابردو دامەزرا لە(10/5/ 1973).

هەموو باکوری ئەفریقا لە ژێر دەسەلاتی ئیستعماری فەرەنسیدا بوو بەدەر لە لیبیا، کە لەژێر دەسەلاتی ئیتاڵیادا بوو، لە پاڵ ئیستعماری فەرەنسی چەند شوێنێک هەبوو لە ژێر دەسەلاتی ئیستعماری ئیسپانیدا بوو .

کاتێک سەردەمی ئیستعمار کۆتایی هات بەسەرکەوتنی بزوتنەوە رزگاریخوازەکانو ولاتانی باکوری ئەفریقا سەربەخۆییان وەرگرت، لەوانە ولاتی مەغریب، کە لەسەرەتای سەربەخۆییدا (محەمەدی پێنجەم ) سەرکردایەتی دەکرد .

سەرەتا ئیستعماری فەرەنسی دەرچوو، بەلام کشانەوەی ئیسپانیا لە بیابان دواکەوت، بەلام کاتێک دەرچوو باش بەجێهێشتنی فەرەنسا شوێنەوارێکی نەرێنی بەجێهێشت، بۆیە ئەم کات جیاوازییە بووە مایەی دروستبوونی هەستی جوداخوازی لای هەندێک لە دانیشتوانی بیابان .

کێشەی بیابانی رۆژئاوا پێش کشانەوەی داگیرکەری ئیسپانی؟ لە ساڵی (1975) دەستپێکرد، کاتێک مەغریب داوای گێرانەوەی بیابانی رۆژئاوای لە ئیسپانیاکرد، کە بەشێکە لەو ولاتە، لەکاتی وتوویژ لەگەلائیسپانیا و مەغریب، مۆریتانیا داوای بەشێک لەبیابانی کرد بەو

> **کێشەی بیابانی رۆژئاوا پێش کشانەوەی داگیرکەری ئیسپانی؟ لە ساڵی (1975) دەستپێکرد، کاتێک مەغریب داوای گێڕانەوەی بیابانی رۆژئاوای لە ئیسپانیاکرد، کە بەشێکە لەو وڵاتە**

بیانوەی دانیشتوانەکەی دابو نەریتیان هاوشێوەی دابو نەریتی مۆریتانیایە، لەکاتێکدا بەرەی پۆلیساریۆ داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەکات لە ناوچەی بیابانی رۆژئاوا (کۆماری عەرەبی بیابانی دیموکراتی) .

لەساڵانی شەستەکاندا بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی دامەزرا لە گەنجانی چینی ناوەندو بەتایبەت ئەو خوێندکارانەی بیابان، کە سودیان لە خوێندنی زانکۆ وەرگرت لە دەرەوە، کە هێزی دژە ئیستعمار کاری تێکردبوونو ئەو ڕێکخراوە ناونرا (ڕێکخراوی رزگارکردنی چەمی سورو دۆڵی ئاڵتون) وبەسەرکردایەتی سەید ئیبراهیم ئەلیاسری) ، لەلایەن فەیلەقی بیانی ئیسپانیەوە لەناوبرا ساڵی (1970)، هەوڵی دووبارە ڕێکخستنەوەی ئەم بزوتنەوە دژە ئیستعمارە دوبارە لەلایەن ژمارەیەک خوێندکاری هەرێمی بیابانەوە بوو، کە لە زانکۆی مەغریب بوونو شانەیەکیان پێکهێنا ساڵی (1970 –1972) لە ریباتی پایتەختی مەغریب .

ئەم شانەیە بە روونی کاریگەری هێزی رادیکاڵیان پێوە دیار بوو، بەتایبەت ( ماویەت) کە لەو سەردەمەدا لە زانکۆکانی مەعریبیدا بلاوبوو، بگرە هەندێک لە سەرکردەکانی ئەم شانەیە ئەندامی ڕێکخراوە ماویە مەغریبیەکان بوون. (بەرەی میللی رزگارکردنی جۆگەلەی سورو دۆڵی ئاڵتون) لە (10/ 5/ 1973)لە کۆنگرەی نواکشوت راگەیەندرا، کە جەزائیر لە ئامێزی گرتو خەرجی دارایی لە ئەستۆی لیبیا بوو، دانپیانانی نێودەوڵەتی زیادیکرد. چالاکی سەربازی پۆلیساریۆ دەستی پێکردو لە سەردەمی ئیستعماری ئیسپانی پاش دە رۆژ لەدامەزراندنی لە (20/5/ 1973 ) بە هێرشکردنە سەر بنکەیەکی ئیسپانی لە خنکە دەستپێکرد.

هاوکاری مادیو مەعنەوەی لیبیا بۆ بەرەی پۆلیساریۆ چڕتربوویەوە لە ساڵی (1973)و پاشان جەزائیر لە (1975)، خێوەتگەی راهێنانی سەربازی بیابان نشینەکان لە هەردوو ولات پەرەی پێدرا لە هەفتاکاندا. سەرکردایەتی (مستەفا ئەلسەید رقێبی بۆ بەرەی پۆلیساریۆ سێ ساڵ زیاتری نەخایاند واتا لە دامەزراندنیەوە (1973) هەتا کوشتنی لە (9/6/ 1976)لە هێرشێکدا بۆ سەر نواکشوت بۆ سەر پایتەختی مۆریتانیا. محەمەد عەبدولعەزیز بووە ئەمینداری گشتی بەرەی سەرۆکی ئەنجومەنی فەرماندەیی شۆڕش لە مانگی (8/1976)وە هەتا ئەمڕۆ .

هەردوو ولاتی مەغریبو مۆریتانیا پەنایان بردە بەر دادگای نێودەوڵەتی بۆ چاوخشاندنەوە بەو کێشە ئالۆزەدا. دادگا لە (16/10/1975)بڕیاریدا، کە پەیوەندیەکی مێژوویی هەیە لە نێوان مەغریبو مۆریتانیا لەگەلا هەرێمی بیابان بیابانی کێشە لەسەر، بۆیە پێویستە راپرسی خەڵکی بیابانی رۆژئاوای لەسەر بکرێت بۆ زانینی ئارەزوی دانیشتوانی ئایا خوازیارن لەگەڵ کام ولات بن یان سەربەخۆ بن . دادگا رای خۆی بەم خالانە

**کۆنگرەکانی بەرەی پۆلیساریۆ**

| کۆنگرەی نیشتمانی | بەروار | ناو | دروشم | بەرنامەکان |
|---|---|---|---|---|
| یەکەم | (١٠)ی ئایاری ١٩٧٣ | دامەزرێنەر | ئازادی لە رێگای چەکەوە | دامەزرانی بەرەی پۆلیساریۆ و دەستپێکردنی جەنگی رزگاری |
| دووەم | (٢٥-٣٠)ی ئابی ١٩٧٤ | عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا | جەنگی رزگاری بە پشتیوانی خەڵك | پەسەندکردنی یەکەم بەرنامەی نیشتمانی |
| سێهەم | (26-٣٠)ی ئابی ١٩٧٦ | وەلی مستەفا سەید | نە ئاشتی و نەجێگیری بەر لە گەڕانەوەی سەربەخۆیی هەمەلایەنە | داڕشتنی یەکەم دەستوری حکومەتی سەحرای خۆرئاوا |
| چوارەم | ٢٥-٣٠ دیسەمبەری ١٩٧٨ | سەیدی حیزوك | رووبەڕووبوونەوەی بەردەوام تا بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و ئاشتی | بەهێزکردنی کۆمیتە حزبیەکان |
| پێنجەم | ١٢-١٦ ئۆکتۆبەر | بەشیر سالَح | یان مردن یان هەموو نیشتمان | بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان |
| شەشەم | ١٠ دیسەمبەری ١٩٨٥ | محەمەد ئەمین ئەبا شێخ | یان مردن یان هەموو نیشتمان | هەڵگرتنی کۆسپەکانی بەردەم ئیدارەی نیشتمانی وڵات |
| حەوتەم | ٢٨ئایاری ١٩٨٩ | سەیدی عوسمان سەید ئەحمەد | رووبەڕووبوونەوە و یەکێتی بۆ سەربەخۆیی | پتەوکردنی کۆمیتە حزبیەکان |
| هەشتەم | ١٧ حوزەیرانی ١٩٩١ | بلاهی تالب عومەر | بەکارهێنانی تەواوی هێز و وزەی نیشتمانی بۆ سودوەرگرتن لە جەنگی چارەنوس ساز | پێداچوونەوە بە پێکهاتەی سیاسی حزبدا |
| نۆیەم | ١٩ئابی ١٩٩٥ | شێخ بەشیر حمادی مەهدی | سەربەخۆیی ئاشتی خوازانە یان جەنگ | زیادکردنی رۆڵی ئەنجومەنی نیشتمانی |
| دەیەم | ٣٠ ئابی ١٩٩٩ | ئەحمەد سالم محەمەد | خۆڕاگری لە پێناو سەربەخۆیی | کۆماری سەحرای خۆرئاوا حەقیقەتێکی حاشاهەڵنەگر |

دەربڕی:

- ململانێی نێوان مەغریبو ئیسپانیا لەسەر بیابانی رۆژئاوا شێوەیەکی یاسابیە لە دەسەڵاتی دادگایە، بە پێچەوانەی ئەوەی ئیسپانیا دەیڵێت .
- هەرێمی بیابان لەکاتی داگیرکردنیدا زەویەکی بێ دانیشتوان نەبوو ، بۆشایی دەسەڵاتی تێدا نەبوو وەک ئەوەی ئیسپانیا دەڵێت.
- بوونی پەیوەندیەکی مێژوویی لەنێوان هەرێمەکانی بیابانو هەر یەک لە مەغریبو مۆریتانیا. ئەو پەیوەندیە لە چوارچێوەیەکی یاساییدا بوو .

پاش دەرچوونی ئەو بڕیارە، پاشا حەسەنی دووەم لە (16/10/ 1975) رێکخستنی رێپێوانێکی سەوزی راگەیاند بۆ هەرێمەکانی بیابان .

لە (6/11/ 1975) رێپێوانەکە لەشاری ترفایەوە دەستی پێکرد، بە بەشداری (350) هەزار لە پیاو و ژن، هەروەها باڵوێزانی چەند وڵاتێکی عەرەبی بەشداریان تێدا کرد، لەوانە (عەرەبستانی سعودی، ئەردەن، قەتەر، ئیمارات، عومان، سودان، ژاپۆن، ئەمینداری گشتی کۆنگرەی ئیسلامی .

لە (1975/11/14) رێکەوتنامەی سێ قۆڵی مۆرکرا بەو پێیە ئیستعماری ئیسپانی کشایەوەو ناوچە بیابانیەکان دابەشبوو لە نێوان مەغریبو مۆریتانیا.

لە (27/2/ 1976 )لەلایەن بەرەی پۆلیساریۆوە کۆماری نوێ راگەیەندرا .

لە(1976/3/6)یەکەم حکومەتی بیابان پێکهات بە سەرۆکایەتی (محەمەد ئەمین ئەحمەد)، زۆرێک لە وڵاتانی جیهان دانیان نا بەو کۆمارە نوێیەدا بەتایبەت وڵاتانی ئەفریقا، بەڵام پاشان هەندێکیان پاشگەزبوونەوەلە دانپیانانەکە و، زۆر لە وڵاتانی جیهان پشتیوانی پێشنیاری مەغریب بوون بە (دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی) بۆ بیابانی رۆژئاوا لەوانە فەرەنساو وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو ئیسپانیاو کۆمکاری وڵاتانی عەرەب بەدەر لە جەزائیر و زۆرێک لە وڵاتانی ئەفریقاو جیهان، لە کاتێکدا پۆلیساریۆ رێکەوتننامەیەکی خستە بەردەم مەغریب بۆ بەکارهێنانی هاوبەشی داهاتەکانی هەرێمو پێدانی ((ناسنامە)) بەوانەی ئارەزومەندن، ئەگەر راپرسیو سەربەخۆیی ئەنجامدرا، لەگەڵ ئەوەش قایلبوونی پێش وەخت بەدابەشبوونی هەرێمەکە وەک چارەسەرێکی سیاسی ململانێکە بە جۆرێک دوولەسەر سێی بۆ مەغریب و یەک لەسەر سێی بۆ پۆلیساریۆ.

لە (1984/2/27)ز، مۆریتانیا دانی نا بە (کۆماری بیابانی میللی دیموکراتی) دا ، بەو شێوە هێرشەکانی پۆلیساریۆ بۆ سەر مەغریب چڕتر بوویەوەو زۆر دزەیان دەکرد بۆناو مەغریب. هەتا مەغریب دیوارێکی لە لم دروستکرد بەمەبەستی رێگری لە چەکدارانی پۆلیساریۆ بۆ ناو مەغریب .

ململانێی سەربازی لەنێوان مەغریبو پۆلیساریۆ بەردەوام بوو هەتا ساڵی (1988)ز هەتا هەردوولا قایلبوون بە گفتوگۆی ئاشتیانە، و لەهەمان ساڵدا هەردوولا رێکەوتن لەسەر رێکەوتنێکی پرنسیپی، کە هەوڵی راپرسی دانیشتوانی کۆماری بیابانی رۆژئاوا لەسەرکێشەکە بدرێت، ئەنجامی راپرسیەکە کێشەکە چارەسەر بکات.

## سەحرای خۆرئاوا

| | |
|---|---|
| پایتەخت | عیون |
| زمان | عەرەبی – ئیسپانی |
| رووبەر | ٢٦٦,٠٠٠ کم |
| ژمارەی دانیشتوان | ٣٤١,٠٠٠ |
| ئاین | ئیسلام |
| دراو | درهەمی مەغریبی(MAD) |
| کۆدی ئینتەرنێت | Ma. |
| کۆدی تەلەفۆن | +٢١٢ |

لە (2000/5/31 )فەرەنساو ئەمریکا دەستپێشخەریەکی هاوبەشیاندایە ئەنجومەنی ئاسایش بۆ دارشتنی چارەسەرێکی سیاسی، کە بنەماکەی لەسەر ئۆتۆنۆمی بوو بۆ بیابانیەکانی بیابانی رۆژئاوا لە سایەی دەسەلاتی مەغریبدا، هەروەها نەتەوە یەکگرتوەکان بڕیاری راپرسی دا لە بیابان پێش (30/4/2010)و ئەم بڕیارە بە دڵی پۆلیساریۆ بوو، بەڵام مەغریب ئۆتۆنۆمی پێ باش بوو لە ژێر دەسەلاتی خۆیدا.

هەڵوێستی وڵاتانی پەیوەندیدار بە ململانێکەوە:

ئیسپانیا رایگەیاند گرنگی بە ململانێکە دەدات. پشتیوانی گەیشتنە بە چارەسەری گونجاو وپشتیوانی نەخشەکەی مەغریبە (ئۆتۆنۆمی).

جەزائیر دەڵێت کێشەکە پەیوەندی بەوەوە نییەو چاوی تێنەبڕیوە.

مۆریتانیا دەڵێت دابو نەریتی بەشێکی دانیشتوانی بیابانی رۆژئاوا لە دابو نەریتی مۆریتانیا دەچێتو بەو بیانوەوە داوای بەشی باشوری دەکات (هەرێمی داخلە)، پاشان پاشەکشەی لە داواکەی کرد.

دانیشتوانی ناوچەکەو هەندێک لە سەرکردەکانی پۆلیساریۆ هەڵهاتنو گەرانەوە بۆ مەغریب.

### بەرەی پۆلیساریۆ

| | |
|---|---|
| دامەزراندن | ١٩٧٣ |
| شوێنی چالاکی | سەحرای خۆرئاوا، کە دەکەوێتە نێوان مۆریتانیا و مەغریبەوە |
| سەرکردەکان | ئیبراهیم غالی – وەلی مستەفا سەعید – محەمەد عەبدولعەزیز |
| ئایدۆلۆژیای سیاسی | نەتەوەخوازی سەحرایی (سەربەخۆ خواز) |
| نەتەوە | سەحرایی (بیابانی) |




**سەرچاوەکان**

– ویکیبیدیا
– ئەنسکلۆپیدیای زانیاری
– بیابانی رۆژئاوا – مەغریب یان پۆلیساریۆ/ نوسینی/د. راغب السرجانی
– کێشەی پۆلیساریۆ _ ئایا لە چارەسەردایە ؟ نوسینی د. یحی الجمل
– بەرەی پۆلیساریۆ (الجزیرە نت 10/3/ 2004 ).